پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جیاکاری نەدەکرد لە نێوان سورەتەکان هەتاوەکو {بسم الله الرحمن الرحيم}ی بۆ سەر دادەبەزی

لە ئیبن عەباسەوە-ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جیاکاری نەدەکرد لە نێوان سورەتەکان هەتاوەکو {بسم الله الرحمن الرحيم}ی بۆ سەر دادەبەزی».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- ڕوونی دەکاتەوە کە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز دادەبەزی بۆ سەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وجیاکاری نێوانیانی نەدەکرد هەتاوەکو (بسم الله الرحمن الرحيم) دادەبەزی، بۆیە دەیزانی کە سورەتی پێشوو تەواو بووە، وئەمە دەستپێکردنی سورەتێکی نوێیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65051